

# نهێنیەکانی خۆشبەختی و رازەکانیسەرکەوتن لەژیان

هێڤار _ خالید قادر

رانیە

بەشی چوارەم

hevar_1@yahoo.com

کانتزاکیس لە رۆمانی زۆربادا دەڵێت : خوا نە لە حەوت تەبەقەی ئاسمان جێی دەبێتەوە ، نە لە حەوت تەبەقەی زەویدا ، بە ڵکو تەنها لە دڵی مرۆڤەکاندا جێی دەبێتەوە .

بۆ وەدەست هێنانی خۆشبەختی و کامەرانی ، سۆفیەکان بەردەوام خەڵوەت دەکێشن و دوورە پەرێزی لە حەز و ئەنگێزەکانی ژیان دەکەن ، لە رێگای تەریقەت و مەشق و راهێنانی جەستەیی و روحیەوە ، خۆیان لە تام و چێژەکانی ژیان دوور دەخەنەوە و بە پلە و مەقامەکانی سۆفیگەریدا سەر دەکەون بۆ گەیشتن بە دڵنیایی و یەکبوون و توانەوە لەگەڵ روحی خودادا .

ئەوان جوانی لە سەروی مادەوە دەبینین و بە دوای عاشقێکدا وێڵن کە پرە لە حەقیقەت و رەهایی ، دەبنە پەروانەیەک ، باڵەکانی خۆیان لە ژێر چرای شەوانەدا دەسوتێنن و خۆشبەختی و سەرکەوتنی ژیان دەبەستنەوە بە زیکر و تاعەت و بە دوای جیهانێکدا وێڵن کە لە گۆشەکانی خەڵوەت و دوورە پەرێزیدا بیدۆزنەوە . تا دواجار بگەنە عشقی راستەقینە ، کە لای ئەوان روحی خودایە ، وەک ( ابو سلێمانی دارانی ) دەڵێت :

دڵی سۆفی مەنزڵی خودایە .

سۆفیگەریەتی وەک رێبازێکی دینی بانگەشەی گەیشتن بە خۆشبەختی و کامەرانی و ئاسودەگی یەکجاری دەکات و رایەڵەکانی شۆر کردۆتەوە بۆ ناو مێژووی مرۆڤایەتی و لە ناو زۆربەی زۆری ئاین و ئاینزاکانی دنیادا رەنگی داوەتەوە .

دەگێرنەوە مەلای جەزیری یەکێک لە شاعیرە سۆفیە کلاسکیە گەورەکانی کورد ، عاشقی کچێک بوە بە ناوی ( سەلما ) کە لە خۆشەویستیەکی پر سەراسیمەدا عاشقی بوە ، بەڵام کاتێک کە سەلمای نازدار و شۆخ و شەنگی دەدەنێ و لە شەوی پەردەدا ، لە بەری رادەکات بە شاخان دەکەوێت ! کاتێک لێی دەپرسن کە بۆ رات کردوە !؟ بۆ خۆشەویستەکەت جێ هێشت

!؟ ئەو ئەڵێت : لە چاوەکانی ئەودا جوانیەکی گەورە ترم بەدی کردوە کە ئەو جوانەی کە ئەو جوانەی خەلق کردوە .

بۆیە مەلا جزیری دەست دەکات بە خەڵوەت نشینی و سۆفیگەریەتی ، لە دوورە پەرێزی و تەنهاییدا ژیان دەگوزەرێنێت و بە دوای جوانی جوانان و خالقدا دەگەرێت و عاشقی ئەو دەبێت . شاعیرێکی کورد بە ناوی ( حەریقی ) ش دەڵێت .

پەچەت لادە ببینم رووت ئەمن خۆ سەیری تۆ ناکەم

لە سەیری تۆ تێدەگەم یەزدان چلۆن نەخشێ دەنەخشێنێ

سۆفیەکان زۆرتر قسە لەسەر جوانی و خۆشبەختی و وە دیهێنانی شادی دەکەن . بە چەندین رێبازی جیا جیا دەروونی مرۆڤ گۆش دەکەن ، تا حەزەکانی جەستە وەلا بنێت و دوورە پەرێزی لە خۆشیەکانی ژیان بکات ، بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە بە خوا بگات و لەویدوو دنیاش خۆشبەخت بێت هەر وەك چۆن دینەکان بە گشتی مژدەی بەهەشت دەدەن و بەم خەیاڵە مرۆڤ عەوداڵی جیهانی ئەو دیوو دەکەن . ( لە بەشەکانی تری زۆتر لەو لایەنە دەدوێن )

بەڵام لە راستیدا خۆشبەختی لەگەڵ جەستەمانە نەك لەگەڵ خەونمان ، لەگەڵ ژیان و خۆش و ناخۆشیەکانی رۆژانەمانە ، نەك لە سەرووی ئاسمان و دنیای ترمان .

خۆشبەختی بۆنی گوڵ ، و دەست لە ملی یار ، و گۆرانی و مۆزیکە . هەست کردنە بە رازەکانی شنەی با . بۆن کردنی هەناسەی باخچەیەکە ، تێکەڵ بوونە لەگەڵ ناخۆشیەکان و خۆش ویستنی کاتەکانی تەمەنە پەیوەستە بە ویژدانەوە .

فروخ فروخزاد کچە شاعیری ئیرانی دەڵێت

ئای ئەی ژیان منم هێشتا بەو هەموو پوچیەوی پراو پرم لە تۆ

ئێمە دەبێت بۆ خۆشبەختی پراو پر بین لە ژیان ، دەبێت جیا لەو خەم کەسەرانەی کە پێمان وایە کۆتاییان نایەت ، هەست بە جوانیەکانی تری ژیانی رۆژانەمان بکەین هەر لەدارێك کە گەڵاکانی بە عیشوەوە دەلەرێن ، تا چریکەی باڵندەیەك ، نیگای سەر ئەستێرەیەك ، لە باران .... هتد

عەبداللە پەشێو دەڵێت

کە من تەنها جارێك بژیم هەم تۆم خۆش دەوێت هەم ئەویش

هەم تیشکی خۆر دەپەرستم هەم تریفەی مانگە شەویش

کامەرانی و خۆشبەختی گەرانەوەیە مەلای جزیریە بۆ سەلما و سەمایەکی مەستانەیە لەگەڵ کاتەکانی تەمەنا ، پەی بردنە به مناڵە جوانەکەی دەرونمان ، ئەو مناڵەی کە لە روحی هەر یەکێکمانا دەژی و گەورە دەبێت .

جەلالەدینی رۆمی دەلێت :

تۆ ئەی مرۆڤ بە دوای خودادا مەگەرێ چونکە روحی تۆ پرە لە خوا .

بەڵام ئەم سۆفیە لە مانا و رەمزێکی قولی سۆفیگەریەتی دەدوێ ، کە دەرونی مرۆڤ هەر لە بەرایەکانی دروست بونیەوە ، پەیوەست دەکات بە روحی خوا ، ئەو وا دەبینێت کاتێک مرۆڤ بە جیهانی ناوەوەی دەروونی ئاشنا ببێت لەگەڵ روحی بالاَ تیکەڵ بێت ، ئیتر بە چیژی گەیشتن بە خودا دەگات

بەڵام لە راستیدا خۆشبەختی بە ئەندازەی مرۆڤە بەس ئەوەتا کۆنفشیۆس دەلێت :

( زۆرن ئەوانەی کە بەختەوەری لە سەرووی مرۆڤدا دادەنێن بەڵام لە راستیدا بەختەوەری بە ئەندازەی مرۆڤە ) .

بۆ ئەوەی مرۆڤ سەرکەتوبێت ، ئەبێت بە ئەندازەی مرۆڤ بوونی خۆی تێکەڵی ژیان بێت ، لەگەڵ رووداو و کارەکانی رۆژانەیدا تێکەڵ بێت هەوڵی تیروانینێکی جوان و دەروونێکی گەش بدات . زۆر جار جوانی لە دەرەوەی پەنجەرەی بەندیخانەکانیشە . لە هەموو شوێنێک و جێیەکی ئەم دنیایەدا ، لە هەموو کاتەکانی منداڵی و گەنجی و پیریدا ، لە هەژاری و لە دەوڵەمەندیدا ، لە خۆشەویستی و دڵشکانا . لە پێکەنین و گریانا ، دەتوانین ویژدانمان ئاسودە بکەین و جوان بژین و زەمینەی خۆشبەختی بین .

ژیان و سروشت هەمیشە ئاوێزانی یەکترن و دەست لە ملانی جوانین و هەوێنی خۆشبەختی و شادین ، جا ئیتر مرۆڤ بەوە بزانێت یان نا . لەگەڵ ئەوەشدا ئیستای تەمەنمان پر بەها ترین و هەستیار ترین کاتەکانی ژیانمانە ، وێنای راستەقینەی ئێمە لە رەفتار و مامەڵەی رۆژانەماندایە ، نەک لە خەیاڵ و خەونەکانی داهاتوو ، یان لە بەسەرهاتەکانی رابردوودا .

بە ختیار عەلی لە شاری مۆسیقارە سپیەکاندا دەلێت : ( ئەوە تەنها چاوی خۆمانە فیرمان دەکات ئەو مرۆڤە بین کە لە ناوماندایە ، بە تەنها دەبێت تەبیعەت بهێنینە زمان و گوێی لێبگرین ، بە تەنها دەبێت خودا بدۆزینەوە ، خودای دیندار و وشکە سۆفیەکان نا ، خودای ئێمە ... خودایەک دواتر دەبێت خۆتان ببینن و بیناسن ، خودایەکی مۆسیقار ) .

ئەم خودایەی بەختیار باسی دەکات خوایەکە لە جوانی گوڵەوە دێت و لەگەڵ ناسکی و میهرەبانێدا دەژیت و روحی ئەو پرە لە مۆزیکی نم نمەی باران ، خوایەکە وامان لێدەکات لەگەڵ ژیاندۆستیدا

سەما بکەین و دەست لە ملانی مرۆڤایەتیمان بین و بە عەشقەوە بژین وگوێی لە مۆزیکی ترپەکانی دڵی خۆمان و خەلك و ژیانمان بگرین و سروشتمان خوش بوێت . نەك بێز لە جەستەمان بکەین و بە گوناه و ترس و چاوەروانی ژیانمان ناشیرین بکەین .

بۆیە مرۆڤ تا چەند بتوانێت بە روحێکی گەورەوە ، بە هەستێکی جوانەوە ، تێکەڵ بە زەمینەی ژیان بێت ، بە واقیع بینیەوە ، هەوڵ بدات سروشتی کارکردن ، بخوێنێتەوە و لێی تێبگا و . هەوڵی گۆران و جوانتر بوونی کارەکانی بدات ، هیندەش دەتوانیت ئاسۆی گەش تر ، دیدی جوانتر ، هیوای سەرکەوتن و باشتر بوون ، لە ژیانا بنیات بینێت .

تا چەند مرۆڤ بتوانێت لە زەمینەی خۆیدا ، لەگەڵ کەرەسە و واقیعی ژیانیدا ، مامەڵەیەکی تەندروست بکات و بە روحێکی گەشەوە لە چرکە ساتەکانی تەمەنی بروانێت ، هێندەش دەتوانێت لە نهێنی خۆشبەختی سەرکەوتن تێبگات .

تالیران دەلێت : خۆت رابهێنە چۆن ئەو شتانە قبوڵ دەکەیت کە پێشبینی روودانیان ناکەیت تا بیانگۆریتە سەر شتێك کە سوودیان لێوەرگریت .

دواجار هەموو رۆژەکانی تەمەنی ئێمە هەڵگری جوانی و خۆشبەختی خۆیانن ، کە هەر رۆژێك مانایەکی خۆی هەیە و جیاوازە لە رۆژەکانی تر ، بەو پێیەش بەدبەخترین کەسانێك ئەوانەن کە هەموو رۆژەکانیان بریتیە لە یەك فۆرم و کات و ساتەکانی رۆژانەیان یەك شێوازە و جیاوازی تێدا نیە . لە کاتێکدا دەتوانرێت جیاوازی بینین و هەوڵی جیاوازی ، خۆی هۆکارێکی باش بێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بەردوام بەدوای شتی نوێدا بگەرێت و لە ناو بازنەیەکی داخراودا نەسورێتەوە .

خولانەوە لە ناو بازنەیەکی بۆشدا ، مانایەك بۆ کامەرانی ناهێلێتەوە و ژیان لە بۆتەیەکی تاریکدا قەتیس دەکات .

خۆشبەختی پەیوەندیکی گرێدراوە بە چەمکەکانی کرانەوە و کارکردن و گەشبینیەوە هەیە، مرۆڤیش هەمیشە وێڵ و سەوداسەری خۆشبەختی و وەدی هێنانی ئاسودەیی بوە ، بە درێژایی مێژوو و بە چەندین شێوازی جیا جیا ، هەوڵی داوە خۆشی بەدەست بهێنێت و لەم پێناوەدا تێکۆشاوە . بەلاّم بەختەوەری سادەترە لەوەی بە ئاڵۆزی لێبروانین ، دەشێت لە سادەترین مانایدا وەك گۆتە دەلێت

بەختەوەر ی ئەو کەسە بێت کە فرمێسکی چاوێك وشك دەکاتەوە .